نەخۆشییەکانی ئوممەت

أمراض الأمة

نەخۆشییەکانی ئوممەت - أمراض الأمة

نـووســـــینی: صــلاح الدین أحـــمد

نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ : زەردەشت کاوانی

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

بەڕێوبەری گشتی: محمد خضر احمد ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤

فەیسبووک: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ m.ktebxana

ئەنیستگرام: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ m.ktebxana

لقی یەکەم: بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری

لقی دووەم: چوار ڕیانی شێخ محمود - بەرامبەر مزگەوتی محمود علاف

mdmaktaba@gmail.com

حاجی قادری کۆیی

پێوانە: ٢١*١٤

چاپی دووەم: ٢٠٢٢ز - ١٤٤٤ك

تیراژ: ١٠٠٠

لاپەڕە: ٤٥

نەخۆشییەکانی ئوممەت

أمراض الأمة

صلاح الدين أحمد

پێشەکی

نەخۆشییەکانی ئوممەت لە نووسینە هەرە خۆشەویستەکانمە، زۆر پێوەی ماندووبووم و بەرهەمی چەندان ساڵ خوێندنەوە و بیرکردنەوە و بەدواداچوون و مامەڵەکردنە لەگەڵ جۆرەها شوێن و کەسایەتی و ئاڕاستە و مەزهەب و بیرە جۆراوجۆرەکانە. هەر لە سەرەتای فام کردن و خوێندن و خوێندنەوە زۆر بەدوای ئەوەوە بووم کە ئەو ئوممەتە بۆ وایە؟! بۆ وای لێ هاتووە؟! بۆ چاك نابێت؟! بۆ ؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆیە لەکۆتاییدا، مەتنێکم نووسی بە ناوی نەخۆشییەکانی ئوممەت (أمراض الأمة)، سەرەتا لە چەند خاڵێکەوە دەستم پێ کرد و دوایی وردە وردە زیادیان کرد تاوەکو بوون بە ١٨٠ نەخۆشی، لە هەموو بوارەکانی: عەقیدەیی، هزری، ڕەوشتی، ڕۆحی، زانستی، دونیایی، سیاسی، ئابووری، بانگەوازی، تێگەیشتن لە دەق، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق، جیاوازییەکان و زانایان و ... .

ئامانج لەم نووسینە چی بوو کە نووسیم؟

١. دیاریکردنی نەخۆشییەکان و دەست خستنە سەر برینەکان و چارەسەرکردنیان، چونکە تاوەکو نەخۆشییەکان دیاری نەکرێن، چارەسەریش ناکرێن.

٢. لێك نزیك کردنەوەی ئاڕاستە و ڕێبازە ئیسلامییەکان.

٣. تاکێکی موسڵمان پێی هەستێت باشترە لەوەی کەسێکی ناموسڵمانی قین لەدڵ پێی هەڵسێت، وە ببێتە دەرخەری ئەوەی کە ئەم ئوممەتە خۆی نەخۆشی و عەیبوعارەکانی دیاری دەکات، هەرخۆشی هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنیان.

٤. درووستکردنی بیرکردنەوەیەکی هاوسەنگ و واقیعیانە و دووربوون لە هەموو شلەوویی و توونڕەوییەك و ئاشنا بوون بە ئاڕاستە و بیرکردنەوە و بیروڕا ناواقیعی و هەڵتەکێنەرەکان.

تێبینی :

١. ئەوەی نووسیومە لە مەتنەکە، مانای ئەوە نییە هەمووی موڵك و وتە و بیری منە. نەخێر، زۆرێکی بەشێوە و شکڵی جیاواز گوتراوە و نووسراوە، بەڵام من بەم شێوازە نووسیومە و دامڕشتووە کە قەناعەتم پێیەتی و زۆرێکیش ئەگەر هەبێت من نەمبینیوە بەم شێوازە و بەم دابەشکاری و داڕشتنە

نووسرابێت. لەکۆتاییدا، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بە وشەیەکیش سوودم لێ بینیبن و هزر و زانستیش موڵكی كەسێكی دیاریکراو نییە و هەتا دێت زیاتر فراوان دەبێت و لەکۆتاییدا دەبێتە موڵکی مرۆڤایەتی.

٢. ئەم بابەتە لەبەرئەوەی بەشێوەی مەتن نووسراوە، بۆیە عەرەبی و کوردییە، مەتنەکە بە عەرەبی نووسراوە، پاشان وەرگێڕانی بۆ کراوە. بۆیەش مەتنەکە بە عەرەبی نووسراوە تاوەکو شێوە مەنهەجییەکەی خۆی لەدەست نەدات و بتوانرێت وەك دەرس و پڕۆگرامی خوێندن بخوێندرێت.

٣. ئەم پەرتووکە باسی نەخۆشییەکانی ئوممەتە، بەڵام بەبێ گومانی ئەگەر جوانی و ناوازەییەکانیشی بنووسین ئەوە بەدڵنیاییەوە چەند قات زیاترە لە نەخۆشییەکانی.

٤. لە زۆر شوێندا (عدم) مان بەکارهێناوە، بەڵام ئەمە بە وێنە گشتییەکەی وایە، ئەگەرنا مەرج نییە ئەم نەخۆشیانە بگشتێنرێن بۆ هەموو کەس و لایەن و ڕەوت و ... .

٥. پەرتووکی «هەستانەوەی ئوممەت» کە بریتییە لە ١٦٦ بنەما و یاسا، دەکرێت ناوی بنێین چارەسەکانی ئەم نەخۆشیانە، پەرتووکی «هەستانەوە ئۆممەت»یش دووجار لەلایەن ناوەندی (ڕێنوێن)ەوە چاپکراوە و کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران.

٦. ئەم نەخۆشیانە، هەشتا دانەیان، ڕاڤە و شەرحێکی زۆر نایابیان بۆکراوە لەلایەن برای بەڕێز و خۆشەویستم، نووسەری جواننووس و بەتوانا (م. ئارام محمد کوێخا)، پەرتووکەکەش بەنـــاوی (نەخۆشـییەکانی ئوممـــەت)ە، لەلایەن ناوەندی ڕێنوێنەوە چاپکراوە.

لە کۆتاییدا، زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەم پڕۆژە گەورە و گرینگە، ئەگەر بە وشەیەکیش سوودم لێ بینیبن.

صلاح الدين أحـــمـد

٢٠٢٢

ڕانیە

(أمراض الأمة)

نەخۆشییەکانی ئوممەت [١]

---

(١) ((لێرەدا نەخۆشییەکان بەتێکەڵی نووسراون، نەخۆشییەکان جۆراو جۆرن: بۆ تاك ، کۆمەڵگە، ئوممەت، بانگخوازان، زانایان، بیرمەندان، موجتەهیدان و ئەهلی میمبەر. نەخۆشییەکانی تایبەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئایین، دەق، جیاوازی و ڕاجیایی، هەروەها مامەڵە لەگەڵ دین و دونیا. دواتر، بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری، عەقیدەیی، ڕەوشتی، فیقهی، فەلسەفی و ... هتد. بە کورتی و بە کوردی، نەخۆشییەکانی دونیابینی و دینبینی. ئەم نووسینە بە تێکەڵی نووسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕیزبەندییەکی سادەمان بۆ کردووە و بەشی سەرەتامان تایبەت کردووە بە تاك، دوای ئەومان تایبەت کردووە بە کۆی ئوممەت و بابەتە هزرییەکانی، دوای ئەویشمان تایبەت کردووە بە بابەتەکانی تایبەت بە جیاوازیی و ڕاجیایی و بابەتە فیقهییەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دەق و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، لە کۆتایشدا باسی ئەو بابەتانەمان کردووە کە پەیوەندییان بە لایەنی دەسەڵاتەوە هەیە، کەواتە بابەتەکان پەیوەستن بە تاك و بانگخواز و زانایان و مامەڵە لەگەڵ دەق و ڕاجیایی و جیاوازییەکان و دەستەڵاتداران و کۆی گشتی ئوممەت.

١. الرِّيَـــــــاء

ڕیا و ڕووپامایی

٢. الجَهْل

نەزانی و بێزانستی

٣. الْفَهْمُ الخَاطِئ لِلدِّيْنِ والدُّنْيَا

تێگەشتنی هەڵە بۆ دین و دونیا

٤. التَّشَاؤُم

ڕەشبینی

٥. انْتِظَارُ الْجَزَاءِ وَالْمَدْحِ فِي الدُّنْيَا بَدَلَ الْآخِرَةِ

چاوەڕوانی کردنی پاداشت و مەدح و سەنا و سوپاسی دونیایی، لەبری پاداشت و مەدح و سەنا و سوپاسی قیامەتی

٦. الإِفْرَاطُ والتَّفْرِيطُ فِي التَّكْفِيرِ

زێدەڕۆیی یان کەمرەوی لە تەکفیر و بەکافردانانندا

٧. عَدَمُ التَّضْحِيَة

قوربانی نەدان

٨. عَدَمُ الْإِرَادَةِ القَوِيَّةِ

نەبوونی ئیرادە و ویستی بەهێز

٩. عَدَمُ تَزْكِيَةِ النَّفْسِ وإِهْمَالُهَاْ

پاك نەكردنەوەی دڵ و دەروون، تەزكییەی دەروون

١٠. اللَّاكْتِرَاثِيَّة

گرینگی نەدان و موهتەم نەبوون

١١. عَدَمُ الْأَمَانَةِ وَالنَّزَاهَةِ

خیانەت كردن و نەپاراستنی ئەمانەت و پاكی

١٢. التَّغَافُــــل

خۆ بێئاگاكردن

١٣. التَّكَاسُلُ وعَدَمُ الْجِدِّيَّةِ

خۆ تەمبەڵكردن و جددی نەبوون

١٤. اليَـــــأْس

بێئومێدی و بێئەمەلی و بێهیوابوون

١٥. اللَّاوَاقِعِيَّة

واقیعی نەبوون

١٦. عَدَمُ عُلُوِّ الهِمَّةِ

نەبوونی وره و هیممەت بەرزی

١٧. المَادِيَّة

ماددیبوون و توانەوە لە مادده و ماددیگەراییدا

١٨. الفُتُور وعَدَمُ الْاِسْتِقَامَةِ

خاوبوونەوە و ساردبوونەوە و بەردەوام نەبوون

١٩. التَّوَاكُلُ وعَدَمُ التَّوَكُّل

پاڵدانەوە و پشت نەبەستن بە خودای گەورە

٢٠. التَّسَرُّعُ وعَدمُ الصَّبْرِ

پەلەکردن و بێئارامی

٢١. اللَّامَقَاصِدِيَّة

نەبوونی مەبەستداری و ئامانجداری لە دین و دونیادا

٢٢. سُوْءُ الظَّنِّ

بەدگومانی و گومان بردنی خراپ

٢٣. عَدَمُ التَّجَرُّدِ مِنْ الْهَوَى

خۆدانەنڕنین لە ئارەزوو و مەیلی نادرووستی نەفسی

٢٤. عَدَمُ الْحَمَاسَةِ وَالْحِرْصِ

نەبوونی حەماسەت و حەریس نەبوون و سوورنەبوون

٢٥. الْإِيمَانُ التَقْلِيدِيُّ بَدَلَ اليَقِينِيِّ

بیروباوەڕی تەقلیدی و لاساییکردنەوە، لەبری بیروباوەڕی یەقینی و قووڵ

٢٦. تَحْقِيرُ الْعُلَمَاءِ بَدَلَ تَوْقِيرِهِم

سووکایەتی کردن بە زانایان لەبری ڕێزلێگرتیان

٢٧. عَدَمُ إظْهَارِ مَحَاسِنِ الْإِسْلَامِ مِنْ كُلِّ الْجَوَانِبِ التَّشْرِيعِيَّةِ وَالْعَقَدِيَّةِ وَالْعِبَادِيَّةِ وَالسِّيَاسِيَّةِ وَالْاقْتِصَادِيَّةِ وَ ... .

دەرنەخستنی جوانییەکانی ئیسلام لە هەموو لایەنەکانی تەشریعی، یاسایی، عەقیدەی، هزری، فەلسەفەیی، پەرستش، سیاسی، ئابووری، و ... هتد.

٢٨. عَدَمُ الصَّدَاقَةِ وَالْمَحَبَّةِ وَالوِئَامِ وَالِاتِّحَادِ

نەبوون و کەمی هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، ئاشتی، ئاشتەوایی و یەکگرتوویی

٢٩. التَّعَصُّبُ بَدَلَ الْإِنْصَافِ وَالتَّسَامُحِ

دەمارگیری لەبری ئینساف و لێبوردەیی

٣٠. التَّعَامُلُ مَعَ الْقَائِلِ بَدَلَ الْقَوْلِ

مامەڵەکردن لەگەڵ قسەکەر لەبری مامەڵەکردن لەگەڵ قسە و وتە

٣١. السَّطْحِيَّةُ وَالظَّاهِرِيَّةُ فِي فَهْمِ الْإِسْلَامِ بَدَلَ التَّعَمُّقِ وَالدِّقَّةِ

ڕووکەشیبوون و زاهیریبوون لە تێگەیشتنی ئیسلام، لەبری قووڵی و وردبینی

٣٢. عَدَمُ الِابْتِعَادِ عَنِ الْعَدَاوَةِ وَالْخِصَامِ وَالتَّفَرُّقِ

دوورنەکەوتنەوە لە دوژمنایەتی و دووبەرەکی و کێشمەکێش و پەرتەوازەیی

٣٣. الِانْتِمَاءُ لِلأَشْخَاصِ بَدَلَ المَنَاهِجِ

ئینتیمابوون بۆ کەس و تاك، لەبری ئینتیمابوون بۆ مەنهەج و بەرنامە

٣٤. التَّرْكِيزُ عَلَى المُخْتَلَفِ فِيْهِ بَدَلَ الْمُتَّفَقِ عَلَيْهِ

تیشك خستنەسەر ئەو بابەتانەی (شتانەی) جیاوازییان لەسەرە، لەبری کۆدەنگی لەسەرەکان

٣٥. عَدَمُ مُرَاعَاةِ الْحِكْمَةِ

ڕەچاونەکردنی حیکمەت و دانایی

٣٦. التَّنْفِيرُ فِي الدَّعْوَةِ بَدَلَ التّبْشِيْرِ

دوورخستنەوەی خەڵکی وڕەواندنەوەیان،لەبری مژدەبەخشی و مژدەدەری لە بانگەوازدا

٣٧. عَدَمُ الْإِحْسَاسِ بِالْمَسْؤولِيَّةِ (بِأَنْوَاعِهَا)

هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی، بە هەموو جۆرەکانییەوە

٣٨. عَدَمُ تَقْديمِ تَغْيِيرِ الْأَنْفُسِ عَلَى الْآخَرِينَ وَالْجَمَاعَاتِ وَالْأَنْظِمَةِ (تَغْيِيْرُ الْأَنْفُسِ أَسَاسُ تَغْيِيرِ الْأُمَّةِ)

پێشخستنی خەڵك گۆڕین بەسەر خۆگۆڕیندا، خۆنەگۆڕین و هەوڵدان بۆ خەڵك گۆڕین

٣٩. تَقْدِيمُ التَّعْلِيمِ عَلَى التَّرْبِيَةِ وَعَدَمُ الْجَمْعِ بَيْنَهُمَا

پێشخستنی فێرکردن بەسەر پەروەردەدا و کۆنەکردنەوەی هەردووکیان بەیەکەوە

٤٠. تَقْدِيسُ وتَبْجِيسُ الْعُلَمَاءِ وَأَقْوَالِهِمْ

بەسووك سەيركردن و پیرۆزكردنی زانایان وڕاو بۆچونەكانیان

٤١. الشكْلِيَّةُ فِي الْعِبَادَةِ وَعَدَمُ السَّعْيِ لِرُوْحِهَا

زاهیریبوون و شكڵیبوون لە پەرستشدا و هەوڵنەدان بۆ ڕووحەكەی

٤٢. الِاعْتِمَادُ عَلَى الْعِلْمِ الْمُجَرَّدِ الْبَحْتِ (الْعِلْمُ بِلَا عَمَلٍ وَرُوْحٍ وَدَعْوَةٍ)

پشتبەستنی سەرەكی بە زانست (زانستێكی بێ كار و كردەوە و ڕووح و بانگەواز)

٤٣. الْحُكْمُ عَلَى الْمُقَابِلِ وَالْمُخَالِفِ قَبْلَ الِاسْتِقْرَاءِ وَالتَّيَقُّنِ

حوكمدان و بڕیاڕدان لەسەر خەڵكی بەبێ بەدواداچونێكی تەواو و ورد و قووڵ

٤٤. انْتِهَاكُ حُرُمَاتِ الْآخَرِينَ

شكاندنی شكۆ و سنووری ئەوانی تر

٤٥. تَنْقِيصُ الْآخَرِينَ وَتَأْثِيمُهُم

كەم كردنەوەی ئەوانی تر و تاوانبار كردنیان

٤٦. إِلْزَامُ النَّاسِ بِشَخْصٍ أَوْ مَذْهَبٍ أَوْ رَأْيٍ أَوْ فِكْرٍ أَوْ حِزْبٍ أَوْ جَمَاعَةٍ (عَلَى الْإِطْلَاقِ)

پەیوەست کردنی خەڵکی بە کەسێك یان مەزهەب و ڕێباز و ڕاوبۆچونێك یان هزر و حیزب و کۆمەڵ و پەیڕەو و تاقمێك (بە ڕەهایی)

٤٧. اتِّخَاذُ الْإِسْلَامِ وَسِيلَةً لِلْمَصْلَحَةِ الدُّنْيَوِيَّةِ وَالشَّخْصِيَّةِ وَالْمَادِيَّةِ وَالْحَزْبِيَّةِ

بەکارهێنانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی دونیایی یان کەسێتی یاخود حیزبی یان بەکارهێنانی بۆ هۆکاری ماڵ پەیداکردن

٤٨. الِاشْتِغَالُ فِيمَا لَا يُدْرَكُ بِالْوَحْيِ وَالْعَقْلِ وَالْعِلْمِ وَالْحَوَاسِّ

خۆسەرقاڵکردن بەو بابەتانەی کە نە لە ڕێی وەحی، نە عەقڵ، نە زانست، نە هەستەکان پەییان پێ نابرێت

٤٩. إِثَارَةُ الْمَسَائِلِ الْعَقَدِيَّةِ وَالْفِكْرِيَّةِ وَالْفِقْهِيَّةِ الْمُخْتَلَفِ فِيهَا بَيْنَ عَوَامِّ النَّاسِ

وروژاندنی بابەتگەلێکی عەقیدەیی و بیروباوەڕی و هزری و فیقهی لەناو خەڵکی سادە -عەوام- کە زانایان تێیاندا کۆڕا نین و جیاوازن

٥٠. الِاهْتِمَامُ بِالْجُزْئِيَّاتِ عَلَى حِسَابِ الْكُلِّيَاتِ

گرینگی دان بە بابەتە لاوەکییەکان لەسەر حیسابی بابەتە بنەڕەتی و سەرەکییەکان

٥١. الْمُجَادَلَةُ وَالْبَحْثُ فِي مُفَاضَلَةِ الْعُلَمَاءِ بَعْضِهِمْ عَلَى بَعْضٍ

دمبەدمە و شەڕە قسەکردن لەسەر ئەو زانا و ئەم زانا و بەراوردکردن و بەرزتر دانانی هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا

٥٢. الِاشْتِغَالُ وَالْخَوْضُ فِي الْمَسَائِلِ الَّتِي لَا يُبْنَى عَلَيْهَا عَمَلٌ

سەرقاڵبوون و ڕۆچوون لەناو کۆمەڵە بابەتێك کە کردەیی نین و کاریان لەسەر بنیات نانرێت و هیچ سوودێکیان نییە، نە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی، نە بۆ ژیان و نە بۆ ئیسلام.

٥٣. عَدَمُ التَّعَاوُنِ فِي الْمُتَّفَقِ عَلَيْهِ وَالتَّسَامُحِ وَالِاحْتِرَامِ فِي الْمُخْتَلَفِ فِيهِ

نەبوونی گیانی هاوکاری بۆ یەکگرتن لەسەر ئەو شت و کارانەی کە کۆك و هاوڕاین تێیاندا، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا چاوپۆشی نەکردن و ڕێزدانەنان بەرامبەر بە یەکتری لەو شتانەی کە تێیاندا جیاوازین و بۆچونی جیاواز هەڵدەگرن.

٥٤. عَدَمُ الْجَمْعِ بَيْنَ الْقَدِيمِ وَالْجَدِيدِ والْإِفْرَاطُ وَالتَّفْرِيطُ فِي التَّمَسُّكِ بِهِمَا وَالِاهْتِمَامِ بِهِمَا

کۆنەکردنەوەی کۆن و تازە بەیەکەوە و زیادەڕەوی و کەمڕەوی کردن لە دەست پێوەگرتن و گرینگی پێدانیان

٥٥. عَدَمُ تَجْرِيدِ الدَّعْوَةِ مِنَ التَّعَصُّبِ الْحِزْبِيِّ وَالشَّخْصِيِّ وَالطَّائِفِيِّ وَ ...

بەدوور نەگرتن و دانەماڵینی بانگەواز و کاری ئیسلامی لە دیاردەی دەمارگیریی مەزهەبی و پێڕگەرایی تائیفی و بە کەسێتی کردنی کارەکان

٥٦. تَصْحِيْحُ الآخَرِينَ وَنُصْحُهُمْ فِي الْعَلَنِ

ئامۆژگاری کردن و ڕاست کردنەوەی کەسی بەهەڵەداچوو و تاوانبار بە بەرچاوی خەڵکەوە و بە ئاشکرا

٥٧. الْمُنَاقَشَاتُ وَالْحِوَارَاتُ فِي الْعَلَنِ

گفتوگۆ کردن لەبەرچاوی خەڵك و بە ئاشکرا

٥٨. عَدَمُ اتِّخَاذِ الحِوَارِ وَسِيلَةً لِلْوُصُولِ إِلَى الْحَقِّ وَالْحَقِيقَةِ

بەکانەرهێنانی گفتوگۆ وەك هۆکار و ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە ڕاستی

٥٩. رَفَضُ إِمْكَانِ تَعَدُّدِ الصَّوَابِ

ڕەتکردنەوە و باوەڕنەبوون بە چەندایەتی دەرئەنجامی جۆراوجۆر و دروست و پێکانی چەند لایەنە و زیاد لە ڕوویەك

٦٠. الِادِّعَاءُ بِأَنَّ الْمُخَالِفَ مُخْطِئٌ دَوْمًا (صَرَاحَةً أَوْ دَلَالَةً)

بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی کە کەسی بەرامبەر - ئەوانەی کە خاوەنی ڕای جیاوازن - هەمیشە لە هەڵەدان و بە هەڵەدا چوون و لایانداوە

٦١. عَدَمُ التَّمْيِيزِ بِيْنَ الْخَطَأِ وَالْخَطِيئَةِ وَبَيْنَ الْقُصُورِ وَالتَّقْصِيرِ

جیاوازی نەکردن و لێك نەکردنەوەی نێوان هەڵەیەك کە بە نەزانی دەکرێت، لەگەڵ هەڵەیەك کە بە زانین و ئاگاییەوە دەکرێت. یاخود جیاوازی نەکردن لە نێوان نەبوونی توانا و دەستەوەستانی، لەگەڵ کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانی

٦٢. عَدَمُ الِابْتِعَادِ عَنِ التَّعْمِيمِ الْفَاسِدِ

دوورنەکەوتنەوە و خۆبەدوورنەگرتن لە گشتاندن و حوکمدان بەڕەهایی

٦٣. عَدَمُ التَّثَبُّتِ فِي النَّقْلِ وَالرِّوَايَةِ

لێنەکۆڵینەوەوپشتڕاستنەکردنەوەی ئەوشتانەی دەگوازرێنەوە و دەگەیێنرێن و بڵاودەکرێنەوە

٦٤. عَدَمُ تَبْسِيطِ مُجْمَلَاتِ الْعَقَائِدِ وَالثَّوَابِتِ الدِّينِيَّةِ وَالْفِكْرِيَّةِ وَالْخُلُقِيَّةِ وَالسُّلُوكِيَّةِ، وَتَجْرِيدِهَا مِنَ التَّعْقِيدَاتِ وَتَعْمِيمِهَا لِكُلِّ طَبَقَاتِ الْمُجْتَمَعِ

پوخت و ئاسان نەکردنی بنەما عەقیدەیی و بیروباوەڕی و هزری و خۆڕەوشتی و بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام. هەروەها نەگشتاندن و بڵاو نەکردنەوەیان بەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا

٦٥. حَمْلُ كَلَامِ الْمُخَالِفِ عَلَى أَسْوَئِهِ وَأَقْبَحِهِ

لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی قسەی ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵت بە ناشیرینترین و بێزراوترین شێواز

٦٦. تَفْضِيلُ الْكَمِّ عَلَى الْكَيْفِ

بەباش دانان و برەودان بە چەندێتی و زۆری و بۆری ژمارە بەسەر چۆنییەتی و جۆری و باشییێتیدا

٦٧. عَدَمُ التَّجَاهُلِ وَالتَّغَافُلِ فِي بَعْضِ الْأُمُوْرِ

خۆبێئاگا نەکردن و بەهەند وەرگرتن و گوێ دانە هەندێک کار و گوفتار کە دەشێت چاوپۆشیان لێ بکرێت و گوێیان پێ نەدرێت

٦٨. القَسْوَةُ فِي الدَّعْوَةِ بَدَلَ الرِّفْقِ

توندی و نەرموونیان نەبوون لە کاری بانگەوازدا

٦٩. عَدَمُ الرُّجُوعِ إِلَى الْحَقِّ (بَعْدَ ظُهُورِهِ)

نەگەڕانەوە بۆ حەق و ڕاستی لەدوای ئەوەی بۆی ڕوونبۆوە

٧٠. تَجَاهُلُ إِحْسَانِ الآخَرِينَ وَعَدَمُ ذِكْرِهِ

خۆنەزان کردن لە ئاست چاکەی کەسانی بەرامبەر و باس نەکردنیان

٧١. تَقْدِيمُ الْمَصَالِحِ الْخَاصَّةِ عَلَى الْمَصَالِحِ الْعَامَّةِ

پێشخستن و باودانی بەرژەوەندی تایبەت و کەسی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا

٧٢. تَقْدِيمُ أَعْمَالِ الْجَارِحَةِ عَلَى أَعْمَالِ الْقُلُوبِ

پێشخستن و باودان بە کاری دەرەکی و ڕوخسار -ڕووکار- بەسەر کاری دڵ و دەروونداا

٧٣. تُأَثُّرُ الدَّعْوَةِ بِتَغَيُّرِ الظُّروفِ تَأَثُّراً سِلْبِياً (الظُّرُوْفِ السِّيَاسِيَّةِ وَالْاِقْتِصَادِيَّةِ وَالْاِجْتِمَاعِيَّةِ)

کاریگەربوونی کاری بانگەوازی و کەوتنە ژێر بارودۆخە نەخوازراوەکان بە چەشنێکی بەزیوانە و ملکەچبوون بۆیی و بەدواکەوتنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری

٧٤. التَّنَافُسُ غَيْرُ الْمَشْرُوعِ

کێبڕکێ کردنی ناشەرعییانە و ناشەریفانە

٧٥. إِظْهَارُ النَّفْسِ مِنْ قِبَلِ (الْعُلَمَاءِ وَالدُّعَاةِ وَالطُّلَّابِ) عَلَى حِسَابِ الدَّعْوَةِ

خۆدەرخستن و خۆسەرخستن لەسەر حیسابی بانگەواز لەلایەن زانایان و بانگخوازان و فێرخوازان و خوێندکارانی زانستی شەرعی

٧٦. الْجُمُودُ الْفِقْهِيُّ وَالْفِكْرِيُّ

ڕاوەستاویی و سستیکردن لە بەرەوپێشچوونی فیقهی و هزریدا

٧٧. عَدَمُ التَّوَازُنِ بِيْنَ الرُّوحِ وَالْعَقْلِ وَالْجَسَدِ وَالْمَادَّةِ

هاوسەنگی ڕانەگرتن لە نێوان ڕۆح و عەقڵ و جەستە و ماددەدا

٧٨. عَدَمُ الْاهْتِمَامِ بِالْأَدِلَّةِ الْعَقْلِيَّةِ فِي إِثْبَاتِ أُصُوْلِ الدِّيْنِ

گرینگی نەدان بە بەڵگەی عەقڵی لە جێگیرکردنی بنەماکانی ئاییندا

٧٩. عَدَمُ التَّفْكِيرِ النَّاقِدِ وَالتَّوْثِيقِ الْعِلْمِيِّ فِي التَّعَامُلِ مَعَ الْأَفْكَارِ وَالمَعْلُومَاتِ

بیرنەکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توندووتۆڵ نەکردنی زانستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری و بیروباوەڕەکاندا

٨٠. الْاِكْتِفَاءُ بِالدِّفَاعِ

خۆبینینەوە تەنها لە هێڵی بەرگری

٨١. الْخُرَافَةُ فِي الْعَقِيدَةِ

ئەفسانەییبوون و لە بواری عەقیدەدا

٨٢. تَرْكُ الدَّعْوَةِ مَعَ كُلِّ النَّاسِ مَعَ اخْتِلَافِ مُسْتَوِيَاتِهِمْ وَمَرَاتِبِهِمْ وَأَحْوَالِهِمْ

وازهێنان لە بانگەوازیکردن لەگەڵ تەواوی خەڵکی بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاست و پێگە و حاڵیان، کە ئەسڵ وایە بانگەواز لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان بکرێت بە ڕەچاوکردنی ئاست و پێگە و حاڵیان.

٨٣. عَدَمُ الاعْتِقَادِ بِأَنَّ الْإِسْلَامَ دِينٌ شُمُولِيٌّ وَعُمُومِيٌّ (شَامِلٌ لِجَمِيعِ شُؤُونِ الْحَيَاةِ وَسُلُوكِ الْإِنْسَانِ، وَعَامٌّ لِلْبَشَرِيَّةِ كُلِّهَا)

بڕوانەبوون بە هەمەلایەنی و گشتگیری و گشتیبوونی ئیسلام (هەمەلایەنی و گشتگیری بۆ هەموو بوارەکارنی ژیان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی، هەروەها گشتیبوونی بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی)

٨٤. عَدَمُ الاطِّلَاعِ عَلَى الْمَذَاهِبِ الفِقْهِيَّةِ وَالْعَقَدِيَّةِ وَالْفِكْرِيَّةِ وَالسُّلُوكِيَّةِ وَالسِّيَاسِيَّةِ اطِّلَاعًا مُنْصِفًا، بِدُونَ التَّعَصُّبِ (هذا لَيْسَ لِكُلِّ النَّاسِ)

نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر مەزهەبی فیقهی، عەقیدەیی، هزری، سیاسی و ڕەوشتی، هەروەها نەبوونی مامەڵە و تێڕوانینێکی تەندرووست و دوور لە دەمارگیری لە گەڵیاندا (هەڵبەتە ئەوە بۆ هەموو کەس نا)

٨٥. عَدَمُ الرُّجُوعِ إِلَى الْقُرْآنِ بِفَهْمٍ صَحِيحٍ وَعَقْلٍ سَلِيمٍ، وَجِسْمٍ نَشِيطٍ وَجَادٍّ وَقَائِمٍ وَقَلْبٍ وَرَوْحٍ مُسْتَقِيمٍ وَمُسْتَقِلٍّ وُمْسَتَقَرٍّ وَمُطْمَئِنٍّ وَحَاضِرٍ وَيَقْظٍ وَقَابِلٍ لِلْحَقِّ

نەگەڕانەوە بۆ قورئان بە تێگەیشتنێکی ڕاست و بە عەقڵێکی تەواو و تۆکمە و دامەزراو و جەستەیەکی چالاك و دڵ و ڕۆحێکی جێگیر، سەربەخۆ، دامەزراو، تێگەیشتوو، ئاگادار، حەق و ڕاستی قەبووڵکەر

٨٦. عَدَمُ تَوْجِيهِ النَّفْسِ وَالْوِجْدَانِ وَالرُّوْحِ وَالْعَقْلِ وَالْفِكْرِ وَالْغَرَائِزِ الْجَسَدِيَّةِ تَوْجِيهاً مُوَافِقاً مَعَ الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ وَالنَّفْسِ وَالْعَقْلِ وَالْجَسَدِ وَالْوَاقِيعِ

ئاڕاستەنەکردنی ناخ و ڕووح و عەقڵ و هزر و غەریزە جەستەییەکان بە شێواز و ئاڕاستەکردنێك کە لەگەڵ قورئان، سوننە، ناخ، ڕووح، عەقڵ و جەستە بێتەوە.

٨٧. عَدَمُ فَهْمِ الْجِهَادِ فَهْمًا صَحِيحاً عَلَى حَقِيقَتِهِ بِدُونِ إِفْرَاطٍ وَتَفْرِيطٍ، وَحَصْرُهُ فِي الْقِتَالِ

تێنەگەیشتنێکی ڕاست و هاوسەنگ و دوور لە زیادەڕەوی وکەمڕەوی لە تێکۆشان (جیهاد)، هەروەها کورت هەڵنەهێنانی لە شەڕ و جەنگ

٨٨. التَّوَانِي فِي العَمَلِ على إِنقَاْذِ البَشَرِيَّة ِمِنْ الأَمْرَاضِ النَّفْسِيَّةِ والعَقَدِيَّةِ والفِكْرِيَّةِ والحَرَكِيَّةِ والسِّيَاسِيَّةِ والاقْتِصَادِيَّةِ

کەمتەرخەمی کردن و خاوەخاوکردن لە هەوڵدانی جددی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە نەخۆشییە دەروونی و عەقیدەیی و فیکری و جوڵانەوەیی و سیاسی و ئابورییەکانی

٨٩. الْاِعْتِقَادُ بِأَنَّ الدَّعْوَةَ وَالْإِصْلَاحَ وَالْوَعْظَ وَاجِبَةٌ عَلَى الدُّعَاةِ وَالْعُلَمَاءِ فَقَطْ

بڕوابوون بەوەی کە بانگەوازی کردن و چاکسازی کردن و ئامۆژگاری کردن تەنها لەسەر بانگخوازان و مامۆستایانی ئایینی واجب و پێویستە

٩٠. عَدَمُ تَقْدِيمِ الْإِسْلَامِ كَمَنْهَجٍ وَمَشْرُوعٍ مُتَكَامِلٍ لِلتَّطْبِيقِ فِي السِّيَاسَةِ وَالْقَانُونِ وَالْحُكْمِ وَالْقَضَاءِ وَالاِقْتِصَادِ وَالْحَيَاةِ الْاِجْتِمَاعِيَّةِ وَالْفَرْدِيَّةِ

پێشکەش نەکردنی ئیسلام وەکو بەرنامە و پرۆژە و یاسا و ڕێسا بۆ جێبەجێکردنی لە بواری سیاسی و یاسایی و دادگەری و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی

٩١. عَدَمُ السَّعْيِ الْكَافِي لِإِيْقَافِ الْغَزْوِ الْفِكْرِيِّ وَالنَّفْسِيِّ وَالْخُلُقِيِّ وَالسُّلُوكِيِّ وَ ...

هەوڵنەدانی پێویست بۆ وەستاندن و دەرخستنی فێڵ و چەواشەکاری دوژمنان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، هزری، فەلسەفی،ئابووری، دەروونی و ... هتد.

٩٢. عَدَمُ تَصْحِيحِ تَأْرِيخِنَا الْمُفْتَرَى عَلَيهِ، وَالدِّفَاعُ وَالْحِرْصُ عَلَى الْأَخْطَاءِ الْوَاقِعَةِ فِيه

ڕاستنەکردنەوەی مێژووی بوختان بۆکراو و شێوێندراومان و بەرگریکردن و سووربوون لەسەر ئەو هەڵانەی کە تێیدا کراوە.

٩٣. الْاِعْتِقَادُ بِأَنَّ الدَّعْوَةَ لِلْاِتِّفَاقِ إِلْغَاءٌ لِلْاِخْتِلَافِ

باوەڕبوون بەوەی کە بانگەوازیکردن بۆ یەکدەنگی و تەبایی و لەگەڵ یەکبوون واتە نەهێشتنی جیاوازی

٩٤. عَدَمُ السَّعْيِ الْكَافِي لِإِبْطَالِ كَيْدِ تَفْرِيغِ الْإِسْلَامِ مِنْ مَضَامِينِهِ

هەوڵنەدانی پێویست بۆ بەتاڵکردنەوە و ڕەتکردنەوەی فێڵی خاڵیکردنەوەی ئیسلام لە ناوەڕۆك و کرۆکەکەی

٩٥. إثارَةُ الْخِلَافِ الْمَوْجُودِ بَيْنَ الْعُلَمَاءِ وَالدُّعَاةِ وَالْجَمَاعَاتِ عِنْدَ عَوَامِّ النَّاسِ

وروژاندنی جیاوازی نێوان زانایان و بانگخوازان و گرووپەکان و کۆمەڵەکان لە لای خەڵکی گشتی

٩٦. مُحَارَبَةُ الْعَقْلِ وَالْفِكْرِ وَالْفَلْسَفَةِ

دژایەتی کردنی عەقڵ و هزر و فەلسەفە

٩٧. عَدَمُ تَرْبِيَةِ الْآبَاءِ وَالْأُمَّهَاتِ لِأَوْلَادِهِمْ وَتَعْلِيمِهِمْ أُمُورَ دِينِهِمْ

پەروەردە نەکردنی منداڵ و گەنجەکان لەلایەن دایك و باوکانەوە، هەروەها فێرنەکردن و تێنەگەیاندنیان دەربارەی ئیسلام بە تێگەیاندن و فێرکردنێکی ڕاست و دروست و تەندروست

٩٨. عَدَمُ إِيجَادِ النَّمُوذَجِ الْمِثَالِيِّ الْعَالِيِّ وَالْأُسْوَةِ الرِّسَالِيَّةِ الرَّشِيدَةِ

پەیدانەکردن و دروست نەکردنی پێشڕەو و نموونە و قودوە و سومبولی جوان و بەرز

٩٩. عَدَمُ الْاِحْتِضَانِ الرُّوْحِيِّ وَالْعِلْمِيِّ وَالثَّقَافِيِّ وَالْفِكْرِيِّ وَالْفَلْسَفِيِّ لِلنَّاسِ عَامَّةً وَلِلشَّبَابِ خَاصَّةً

لە باوەش نەگرتنی ڕووحی و زانستی و ڕۆشنبیری هزری و فەلسەفی خەڵکی بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی

١٠٠. عَدَمُ التَّنْظِيمِ الْقَوِيِّ مِنَ النَّاحِيَةِ السِّيَاسِيَّةِ وَالْاِدَارِيَّةِ وَالْاِقْتِصَادِيَّةِ وَالْاِجْتِمَاعِيَّةِ

نەبوونی ڕێکخستنی بەهێز لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی

١٠١. عَدَمُ تَقْوِيَةِ الْقَلْبِ بِالْعَقْلِ وَالْعَقْلِ بِالْقَلْبِ وَعَدَمِ الْجَمْعِ بَيْنَهُمَا

بەهێز نەکردنی دڵ بە عەقڵ و عەقڵ بە دڵ و کۆنەکردنەوەیان

١٠٢. عَدَمُ الْحِفَاظِ عَلَى الْأَوْقَاتِ

پارێزگاری نەکردن لە کات

١٠٣. عَدَمُ مُشَارَكَةِ الْمَرْأَةِ الفَعَّالَةِ فِي مَجَالِ الدِّينِ وَالدُّنْيَا

بەژداری پێنەکردن و بەژداری نەکردنی چالاکانەی ئافرەت لە بوارەکانی دین و دنیا

١٠٤. عَدَمُ التَّحَلِّي بِالْأَخْلَاقِ الْحَمِيدَةِ وَالتَّخَلِّي عَنِ الْأَخْلَاقِ الرَّذِيلَةِ

خۆنەڕازاندنەوە بە ڕەوشتە جوانەکان لەناوەوە و لەدەرەوە، هەروەها خۆدانەڕنین لە هەموو ڕەوشتە ناشیرین و دزێوەکان لە ناوەوە و لە دەرەوە

١٠٥. قلَّةُ الْاِهْتِمَامِ بِالْعُلُومِ الْحَدِيثَةِ وَاِسْتِعْمَالِهَا فِي الدَّعْوَةِ

گرینگیدانی کەم بە زانستە نوێکان و بەکارنەهێنانیان لە بانگەوازیدا

١٠٦. قِلَّةُ الْاِهْتِمَامِ بِالْوَسَائِلِ الْحَدِيثَةِ وَاِسْتِعْمَالِهَا فِي الدَّعْوَةِ

گرینگیدانی کەم بە ئامرازە نوێ و سەردەمییەکان و بەکارنەهێنانیان لە بانگەوازیدا

١٠٧. قِلَّةُ الْاِهْتِمَامِ بِالْمُسْتَقْبَلِ وَالْعَمَلِ لَهُ

گرنگیدانی کەم بە داهاتوو و کارنەکردن بۆی

١٠٨. قِلَّةُ الْاِهْتِمَامِ بِالْإِعْلَامِ وَاِسْتِعْمَالِهَا فِي الدَّعْوَةِ

گرینگیدانی کەم بە ڕاگەیاندن و بەکارنەهێنانی لە بانگەوازدا

١٠٩. عَدَمُ الْاِهْتِمَامِ بِفِقْهِ الْأَوْلَوِيَّاتِ تَعْلِيمًا وَتَعَلُّمًا وَدِرَاسَةً وَتَطْبِيقًا وَمُرَاعَاةً

گرینگی نەدان بە فیقهی ئەولەویات بە خوێندن و جێبەجێکردن و ڕەچاوکردن

١١٠. قِلَّةُ الْاِهْتِمَامِ بِالْعُلُومِ الشَّرْعِيَّةِ وَالْاِسْلَامِيَّةِ تَعْلِيمًا وَتَعَلُّمًا وَدِرَاسَةً وَمُدَارَسَةً

گرینگیدانی کەم بە زانستە شەرعی و ئیسلامییەکان

١١١. عَدَمُ الْاِهْتِمَامِ بِالْفُنُونِ بِصُورَةٍ عَصْرِيَّةٍ مَعَ مُرَاعَاتِ الضَّوَابِطِ الشَّرْعِيَّةِ

گرینگی نەدان بە هونەرەکان بە شێوازێکی سەردەمی و بە ڕەچاوکردنی بنەما شەرعییەکان

١١٢. عَدَمُ الْاِهْتِمَامِ بِالتَّخَصُّصَاتِ الْمُتَنَوِّعَةِ

گرینگی نەدان بە تەخەسسوسە جۆراوجۆرەکان

١١٣. التَّرْكِيزُ عَلَى الظَّواهِرِ والظَّاهِرِيَّةُ

تیشك خستنە سەر زاهیر و ڕووکەش، ڕووکەشیبوون و ڕووکەش گەرایی

١١٤. الْإِكْثَارُ فِي الرُّدُودِ

ڕەددانەوە و وەڵامدانەوەی زۆر و لەڕادەبەدەر بۆسەر یار یان نەیار

١١٥. النَّقْدُ غَيْرُ الْمُنْصِفِ

ڕەخنەگرتنی نابەجێ و بێئینسافانە

١١٦. عَدَمُ الْعَدْلِ مَعَ الْأَعْدَاءِ وَالْمُخَالِفِينَ

دادگەر نەبوون لەگەڵ دوژمنان و سەرپێچیکاران

١١٧. عَدَمُ مُرَاعَاةِ النَّتَائِجِ فِي الْأَقْوَالِ وَالْأَفْعَالِ وَالْمَوَاقِفِ وَالْفَتَاوَى وَالِاجْتِهَادَاتِ (عَدَمُ مُرَاعَاةِ فِقْهِ الْمَآلَاتِ)

ڕەچاونەکردنی سەرەنجامی گوفتار و ڕەفتار و هەڵوێست و فەتوا و ئیجتیهادەکان

١١٨. الْاعْتِقادُ بِأَنَّ الْمَعْصِيَةَ وَالْخَطِيئَةَ وَالْكَبِيرَةَ تُخْرِجُ صَاحِبَهَا مِنَ الدِّينِ يَقْطَعُ الْمُوَالَاةَ

باوەڕبوون بەوەی کە گوناه و تاوان و هەڵە و گوناهی گەورە خاوەنەکەی لە ئایین دەردەکات و دۆستایەتیش دەپچڕێنێت.

١١٩. عَدَمُ الْاِنْتِفاعِ مِنَ الْمُخَالِفِ وَالْأَعْدَاءِ

سوود نەبینین لە موخالیف و دوژمنان

١٢٠. عَدَمُ قَصْدِ هِدَايَةِ الْمُخَالِفِ عِنْدَ الْاِخْتِلَافِ

مەبەست نەبوونی هیدایەتدانی کەسە جیاواز و موخالیفەکان لەکاتی جیاوازی و ڕاجیاییدا

١٢١. التَّسْوِيَةُ بَيْنَ الْمُخَالِفِينَ، مَعَ أَنَّهُمْ فِي مَنَازِلٍ مُتَفَاوِتَةٍ

یەکسانی کردن لەنێوان موخالیفەکاندا، لەگەڵ ئەوەی ئەمانیش جۆر و پلە و ئاستی جۆراوجۆریان هەیە

١٢٢. عَدَمُ الصَّبْرِ عَلَى أَذَى الْمُخَالِفِينَ

ئارام نەگرتن لەسەر ئەزیەت و ناڕەحەتی موخالیفەکان

١٢٣. عَدَمُ الْمُحَافَظَةِ عَلَى السَّكِينَةِ الْاِجْتِمَاعِيَّةِ وَأَمْنِهَا عِنْدَ الْاِخْتِلَافِ

پارێزگاری نەکردن لە ئارامی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کاتی جیاوازییەکاندا

١٢٤. عَدَمُ نُصْرَةِ الْمُخَالِفِينَ عِنْدَ الْبَغْيِ عَلَيْهِمْ وَالظُّلْمِ

سەرنەخستنی موخالیفەکان لەکاتی دەستدرێژی کردنە سەریان و ستەم لێکردنیان

١٢٥. تَسْمِيَةُ الْمُخَالِفِينَ بِمَا لَا يُحِبُّونَهُ وَلَا يَرْضُونَ بِهِ وَلَا يَنْطَبِقُ عَلَيْهِمْ

ناونانی موخالیفەکان بە ناوێك کە پێیان خۆش نییە و پێی ڕازی نین یان هەر لەسەریان جێبەجێ نابێت

١٢٦. الْعُنْفُ وَالتَّطَرُّفُ (عَدَمُ الْوَسَطِيَّةِ)

توندوتیژی و پەڕگیری (تەڕەفگیری)، نەبوونی میانڕەوی و ناوەندگیری

١٢٧. عَدَمُ التَّوَازُنِ بَيْنَ ثَوَابِتِ الشَّرْعِ وَمُتَغَيِّرَاتِ الْعَصْرِ

هاوسەنگی ڕانەگرتن لە نێوان نەگۆڕەکانی شەریعەت و گۆڕاوەکانی سەردەم

١٢٨. عَدَمُ التَّوَازُنِ بَيْنَ كَسْبِ الْقُلُوبِ وَكَسْرِ الْقُلُوبِ

هاوسەنگ نەبوون لە نێوان دڵ ڕاکێشان و دڵ شکاندندا

١٢٩. الشِّرْك

هاوبەش دانان بۆ خودا

١٣٠. الخَوْفُ من التَّجْدِيدِ فِي الْفِكْرِ وَالْفِقْهِ وَالدَّعْوَةِ وَالتَّفْسِيرِ لِلْقُرْآنِ وَالسَّنَةِ وَالْعُلُومِ الشَّرْعِيَّةِ كُلِّهَا

ترس لە نوێگەری لە هزر، فیقهـ، بانگەواز، تەفسیر، ڕاڤەی قورئان، سوننە و هەموو زانستە شەرعییەکان

١٣١. التَّصَرُّفُ الْمَصْلَحِيُّ مَعَ النُّصُوصِ

مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا بە مامەڵەکردنێکی بەرژەوەندی خوازانە

١٣٢. عَدَمُ الاِتِّزَانِ وَالْوَاقِعِيَّةِ فِي الْفَتْوَى وعَدَمُ مُرَاعَاةِ الزَّمانِ وَالْمَكَانِ وَمُسْتَجَدَّاتِ الْعَصْرِ (التَّعْسِيْرُ فِي الفتْوى بَدَلَ التَّيسيرِ والاتِّزَانِ)

ناهاوسەنگی و واقیعی نەبوون لە فەتوادانا، هەروەها ڕەچاونەکردنی کات و شوێن و شتە نوێکانی سەردەم

١٣٣. تَمْجِيدُ التُّرَاثِ وَتَجْمِيدُهُ بَدَلَ تَجْدِيدِهِ

چەقبەستوویی و بە پیرۆزدانانی توراس و کەلەپوور، لە بری نوێگەری

١٣٤. صُدُوْرُ الْفَتْوَى مِنْ غَيْرِ أَهْلِهِ

دەرچوون و دەرکردنی فەتوا لەلایەن غەیری ئەهلی خۆیی و خەڵکی ناشایستە

١٣٥. مُحَاوَلَةُ رَفْعِ الْخِلاَفِ فِي الْفُرُوعِ

هەوڵدان بۆ لابردنی جیاوازی و ڕاجیایی لە شتە فەرعی و جوزئییەکاندا

١٣٦. الْإِنْكارُ عَلَى الْمُخَالِفِ فِي الْمَسَائِلِ الْخِلَافِيَّةِ

نکووڵی و دژایەتیکردنی ئەوانەی هاوڕا نین لەگەڵتدا، لەو بابەتانەی جیاوازی و ڕاجیایی هەڵدەگرن

١٣٧. تَنْزِيلُ فَهْمِ الْإِنْسانِ مَنْزِلَةَ الشَّرْعِ وَإِلْزَامُ النَّاسِ بِهِ

کردن و دانانی بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ بە شەرع و پەیوەستکردن و پابەندکردن و بەستنەوەی خەڵکی پێیانەوە

١٣٨. صِبْغُ الْمَسَائِلِ الدِّينِيَّةِ بِطَبِيعَةٍ بَشَرِيَّةٍ وَالطَّبِيعَةِ الْبَشَرِيَّةِ بِصِبْغَةٍ دِينِيَّةٍ

ڕەنگ کردن و بەرگی ئایینی کردنە بەری خوو و سروشتە ئادەمییەکان و بەپێچەوانەشەوە، کردنی مۆرك و سروشتە ئادەمییەکان بە ئایین و ڕەنگ و بەرگی ئایینی کردنە بەریان

١٣٩. عَدَمُ مُرَاعَاةِ الْبِيئَاتِ وَالْأَحْوالِ فِي بِنَاءِ الْأَحْكَامِ وَالْمَوَاقِفِ

ڕەچاونەکردنی ژینگە و حاڵ و بارودۆخەکان لەکاتی بڕیاردان و حوکمدان و مامەڵە کردن و هەڵوێست وەرگرتندا

١٤٠. عَدَمُ الاِعْتِدالِ فِي التَّقْلِيدِ وَالتَّمَذْهُبِ بَيْنَ الإِفْرَاطِ وَالتَّفْرِيطَ

تێڕوانین و مامەڵەیەکی نادروست و ناهاوسەنگ لەگەڵ «تەقلید» و «مەزهەبی» بوون لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەویدا

١٤١. عَدَمُ الاِعْتِقادِ بِأَنَّ الْمُخْطِئَ فِي الاِجْتِهَادِ - مَادَامَ مِنْ أَهْلِهِ - مَعْذُورٌ وَمَأْجُورٌ

باوەڕنەبوون بەوەی کە ئەگەر موجتەهیدێك (زانایەك) هەڵەی کرد لە ئیجتیهاد و ڕەئیەکەی – بەو مەرجەی شیاو و شایستە و پیاوی ئەو مەیدانە بێت- پاداشت وەردەگرێت و دەبێت عوزری بۆ بهێنرێتەوە

١٤٢. تَأْدِيَةُ الْخِلاَفِ الْفِقْهِيِّ وَالْفُرُوعِ الْعَقَدِيَّةِ إِلَى التَّفْرِقَةِ وَالْبُغْضِ وَالْعَدَاوَةِ

سەرکێشانی جیاوازی - خیلافی فقهی - هەروەها بابەتگەلێکی ناسەرەکی عەقیدەیی بۆ پارچە پارچەبوون و پەرتەوازەیی و ڕق و کینە و دابڕان و دوژمنایەتی و لێکخوێندن

١٤٣. عَدَمُ إِرْجَاعِ الْأَقْوَالِ وَالْأَفْعَالِ وَالْمَوَاقِفِ (الْفَتَاوَى، الْاِجْتِهَادَاتِ، الْآرَاءِ) إِلَى زَمانِهَا وَمَكَانِهَا وَوَاقِعَهَا، وَ عَدَمُ فَهْمِهَا فِيهَا

ڕەچاونەکردن و نەگێڕانەوەی قسە و کار و هەڵوێست (فەتوا، ئیجتیهاد، ڕا و بۆچوون) بۆ ئەو سەردەم و شوێن و بارودۆخەی کە تێیدا گوتراوە و کراوە، هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا تێنەگەیشتنیان لە ژێر ڕۆشنایی ڕەچاوکردنی ئەمانەدا

١٤٤. الْإِفْرَاطُ وَالتَّفْرِيطُ فِي فَهْمِ الْبِدْعَةِ

نەبوونی هەڵوێستی ناوەندگیر دەربارەی بیدعە و ئەمپەر و ئەو پەڕ گیری دەربارەی

١٤٥. عَدَمُ الْاِعْتِقادِ بِأَنَّ الْأَحْكَامَ وَالْفَتَاوَى تَتَغَيَّرُ بِتَغَيُّرِ الزَّمانِ وَالْمَكَانِ وَالْعُرْفِ وَمُسْتَجَدَّاتِ الْعَصْرِ

بڕوانەبوون بە گۆڕانی فەتوا و حوکمی شەرعی - لە شتە گۆڕاوەکان - بەگوێرەی شوێن و کات و سەردەم و داب و نەریت و شتە نوێکانی سەردەم

١٤٦. عَدَمُ الْاعْتِقادِ بِأَنَّ الْاِخْتِلَافَ فِي الْفِقْهِ وَفُرُوعِ الْعَقِيدَةِ طَبِيعِيٌّ وَوَاقِعٌ

بڕوانەبوون بە تێڕوانینی جیاواز لە فیقهـ و بوارە لاوەکی و ناسەرەکییەکانی عەقیدە

١٤٧. الْاِعْتِقادُ بِأَنَّ الْخَطَأَ فِي التَّأْوِيلِ وَالْاِجْتِهَادِ يُخْرِجُ صَاحِبَهُ مِنَ الدِّينِ، وَيَقْطَعُ الْمُوالاةَ أَوْ يَنْقُصُهَا

بڕوابوون بە دەرچوون لە ئایین بەهۆی تەئویل و ئیجتیهادی هەڵەوە، هەروەها پچڕاندن یان کەمکردنەوەی پەیوەندی و دۆستایەتی و لەگەڵ یەکبوون بەم هۆیەوە

١٤٨. اِدِّعَاءُ بَعْضِ الْعُلَمَاءِ بِأَنَّ الصَّوَابَ مَعَهُمْ فِي جَمِيعِ اِجْتِهَادَاتِهِمْ (صَرَاحَةً أَوْ دَلَالَةً)

بانگەشەکردنی زانایان و کەسانی شارەزا بەوەی کە ڕاستی تەنها و تەنها لەلای ئەوانە و بەس ئەوان ڕاست و حەقن، جا ئەم بانگەشەیە یان بەڕاشکاوی دەکرێت یان بەناڕاشکاوی

١٤٩. عَدَمُ تَقْيِيمِ التُّرَاثِ بِمِيزَانِ الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ الصَّحِيحَةِ وَمَقَاصِدِ الشَّرِيعَةِ

هەڵنەسەنگاندن و بەهێزنەکردنی توراس و کەلەپور و میراتی زانایان بە قورئان و سوننە و مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة)

١٥٠. عَدَمُ الْاِعْتِدالِ فِي تَقْيِيمِ الْعُلَمَاءِ وَالْمَذَاهِبِ وَالتُّرَاثِ وَالْأَفْكَارِ وَالْآرَاءِ

نەبوونی دادپەروەری و ئینساف لە هەڵسەنگاندنی زانایان و ڕێڕەو و مەزهەبەکان و توراس و هزر و بیروڕاکان

١٥١. الْاِعْتِقادُ بِأَنَّ نَقْدَ الْآرَاءِ يَعْنِي الطَّعْنَ فِي أَصِحَابِهَا

باوەڕبوون بەوەی کە ڕەخنەگرتن لە بیروڕای کەسانێك یەکسانە بە تانە و تەشەردان لە خاوەنەکانیان

١٥٢. عَدَمُ تَجَنُّبِ الصِّيَاغَةِ الْاِعْتِقادِيَّةِ لِلْخِلاَفَاتِ الْفَرْعِيَّةِ

دوورنەکەوتنەوە لە بە عەقیدەیی کردنی جیاوازییە لاوەکییەکان

١٥٣. الْإِفْرَاطُ وَالتَّفْرِيطُ فِي التَّأْوِيلِ وَعَدَمُ التَّفْرِيقِ بَيْنَهُ وَبَيْنَ التَّحْرِيفِ

زیادەڕەوی کردن و کەمڕەوی کردن لە تەئویل کردندا، هەروەها جیاوازی نەکردن لە نێوان تەئویل و تەحریف و شێواندندا

١٥٤. عَدَمُ الْبَحْثِ عَنْ فَلْسَفَةِ الشَّرِيعَةِ وَمُرَاعَاتِهَا

نەگەڕان بەدوای فەلسەفەی شەریعە و حیکمەتەکانی و ڕەچاوکردنیان

١٥٥. عَدَمُ اِعْتِبارِ فَصْلِ الْإِسْلامِ عَنِ الْحَيَاةِ أَخْطَرَ مِنْ فَصْلِهِ عَنِ الدَّوْلَةِ

نەبینینی داڕنینی ئیسلام لە ژیان بە مەترسیدارتر لە داڕنینی ئیسلام لە دەوڵەت

١٥٦. الْاِنْفِتاحُ غيرُ الْمُنْضَبِطِ

کرانەوەی کۆنترۆڵکراو نەکراو

١٥٧. تَرْكُ السَّــــاحَةِ السِّـــياسِيَّةِ لِلظَّالِمِينَ وَالْفَاجِرِينَ وَالفَاسِدِينَ وَالْمُفْسِدِينَ

چۆڵ کردنی گۆڕەپان و بواری سیاسی بۆ ستەمکاران و لاڕێیان و بەدکاران و خراپەکاران

١٥٨. عَدَمُ إِقامَةِ الدَّوْلَةِ الْمَدَنِيَّةِ الْعَادِلَةِ الْمُعَاصِرَةِ

دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دادگەر و سەردەمی

١٥٩. الْوَلاَءُ لِلْفَسَادِ وَالْمُفْسِدِينَ وَلِلظُّلْمِ وَالظَّالِمِينَ وَلِلْكُفْرِ وَالْكَافِرِينَ وَلِلنِّفَاقِ وَالْمُنَافِقِينَ

وەلابوون و پشتگیری کردنی ستەم و ستەمکاران، خراپە و خراپەکاران، بێباوەڕی و بێباوەڕان، دووڕوویی و دووڕووان

١٦٠. عَدَمُ جَعْلِ خِطَابِنَا الْإِسْلامِيِّ إِنْسانِيًّا

گوتاری ئایینی و ئیسلامیمان نەبووە بە کارێکی مرۆڤایەتی و ئینسانی

١٦١. عَدَمُ الكِارِزْمَا وَالْمَرْجَعِيَّةِ

نەبوونی کاریزما و مەڕجەعییەت

١٦٢. الاسْتِبْدَادُ وَعَدَمُ الشُّوْرَى

خۆزاڵ کردن و ڕاوێژکر نەکردن

١٦٣. الْمُسَايَرَةُ وَالْمُدَاهَنَةُ فِي السِّياسَةِ

مەبدەئینەبوون و خۆگونجاندنی لادەرانە و دووڕوویی لە بواری سیاسیدا

١٦٤. عَدَمُ تَفْعِيلِ الْعَمَلِ الْمُؤَسَّسَاتِيِّ، الْمُؤَسَّسَاتِ الْعِلْمِيَّةِ وَالْفِكْرِيَّةِ وَالدَّعَوِيَّةِ وَالْخِدْمِيَّةِ وَ ...

کارانەکردنی کاری دامەزراوەیی، لەوانە دامەزراوەی زانستی و هزری و بانگەوازی و خزمەتگوزاری و ... هتد.

١٦٥. عَدَمُ قِرَاءَةِ مَشَاْعِرِ اْلآخَرِيْنَ وَفَهْمِهَا

نەخوێندنەوەی هەست و شعوری ئەوانی تر و تێنەگەیشتن لێیان

١٦٦. الْجَدَلُ بَدَلَ العَمَلِ

دەمەتەقێ و موناقشەکردن، لەبری کارکردن

١٦٧. السِّيَاسَةُ التَّابِعَةُ والذَّلِيلَةُ وما يَنْشَأُ مِنْهَا مِنْ سِيَاسَاتٍ تَعْلِيمِيَّةٍ فَاشِلَةٍ ومَادِيَّةٍ

سیاسەتی دۆڕاو و زەلیل و ژێردەستە و شوێنکەوتە، هەروەها ئەو پەروەردە سەقەت و ماددییەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ

١٦٨. فُقْدَانُ النُّمُوْذَجِ المِثَالِي العَالِي وغِيَابُ الأُسْوَةِ الرِّسَالِيَّةِ الرَّشِيْدَةِ

نەبوون و کەمبوونەوەی پێشڕەو و نموونەی جوان و قودوە و سمبولی جوان و بەرز

١٦٩. التَّرَفُ والرُّكُونُ إلى الدُّنْيَا

ڕۆچوون لە ڕابواردن و خۆشیەکاندا و چۆك دادان بەرامبەر دونیا و تام و چێژەکانی

١٧٠. الانْفِتَاحُ السَّرِيْعُ عَلَى الشُّبَهَاتِ والشَّهَوَاتِ

کرانەوەی خێرا بەسەر شوبوهات و شەهەواتدا

١٧١. البِـــدَع

بیدعەکان، بەمانا فراوانەکەی نەوەك بە مانا تەسك و زاهیریەکەی

١٧٢. تَضِيِيْق مُفْهُومِ (العَمَلِ الصَّالحِ) وحَصْرُهُ فى نِطاَقِ الشَّعَائِرِ التَّعَبُدِيَّةِ

تەسككردنەوەی مانای كاروكردەوەی چاك لە هەندێ دروشمی پەرستشیدا

١٧٣. إِبْعَادُ المَنْهَجِ الإِسْلامِى عَنِ الحَيَاةِ

دوورخستنەوەی مەنهەجی ئیسلامی لەكایە جیاوازەكانی ژیان

١٧٤. الإِهمْالُ فى اسْتِثْمَارِ نِعَمِ اللَّهِ وأَسْبَابِهِ المَوْجُوْدَةِ فى الْكَوْنِ

پشتگوێ خســـتن و ئیهمال كردنی نیعمەت و بەخششە خـــواییەكان لە بوون و گەردوونـــدا و نەقۆزتنەوەیـــان و بەگەڕنەخستنیان

١٧٥. نُدْرَةُ العُلَمَاءِ الرَّبَّانِيِّيْن

كەمبوونەوەی زانای ڕەببانی

١٧٦. التَّسْلِيمُ لِلوَاقِعِ السَّيِّئ

تەسلیم بوون بۆ واقیعە خراپەكان

١٧٧. تَغَلُّبُ المَصَالِحِ عَلى المَبَادِئ

زاڵ بوونی بەرژەوەندییەكان بەسەر مەبادیئەكاندا

١٧٨. فَسَادُ النِّظَامِ السِّيَاسِى

خراپ بوون و گەندەڵ بوونی سیستەمی سیاسی

١٧٩. التَّقْلِيْدُ الأَعْمَى لِلْغَرْبِ

تەقلید و شوێنكەوتنی كوێرانە بۆ ڕۆژئاوا

١٨٠. التَّأَخُّرُ والاِنْحِطَاطُ في الأُمُوْرِ الدُّنْيَوِيَّةِ

دواكەوتن و تێكشكاوی لە كاروبار و شتە دونیاییەكاندا